# به پێنووسی ژنێك

کەژاڵ ئیبراهیم خدر /قەڵادزێ
Kazhal_3@hotmail.com

١

ئەی پیاو تۆ بۆچی نوێژ
بۆ بەهەشت دەکەیت
کە خواوەند لەماڵەکەی خۆتدا
بەهەشتێکی پێ بەخشیووی کە ژنە

٢

سەیرە من گوڵم و تۆ هەنگیت
هەنگ لەپێناوی گوڵدا گیان دەبەخشێ
من لە پێناوی تۆدا تیرۆر دەکرێم

٣

ژن لە روبارێك دەچێ
نە تینوێتیتان لێی دەشکێ، نەکەم دەکات
بەڵام کەمتان دەتوانن

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

مەلەی تیا بکەن و نەخنکێن

٤

ئاواتم بوو

تۆ ژن بوویتایەو منیش پیاو

بەڵام جیاوازییەك نەبوو

ئەو کاتە من تۆم دەچەوساندەوە

٥

حەز دەکەم ببمە تەوارێك

باڵی بگرم و بفڕم

بەڵام هەمیشە تۆ باڵەکانم دەدزی

٦

ئێمە هەردووکمان زیندانین

تۆ زیندانی داب و نەریت

منیش زیندانی ترس

٧

جیاوازییەك لە من و تۆدانیە

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

بەڵام ئەبێ

من لە ئاگری دۆزەخا بسووتێم و

تۆ لە بەهەشتێکی خەیاڵیدا بژیت

٨

کچەکەم ناوێرێ لەوانەی سروودا

گۆرانیەکانی کازم بڵێ

چونکە لەوانەیەکی تردا (سفر) وەردەگرێ

٩

ژیانی تۆ خەونێکی بێ ئومێدو

ژیانی من هەگبەیە

پڕ لە ووشە شاراوەکانی خۆشەویستی و

عەشقی خەیاڵ و ماچی دزراو

١٠

نیشتمانەکەم

شەقامەکانی پڕن لە بۆنی ترس و

دەستەکانی پڕن لە بۆنی خیانەت و

زمانەکانی پڕن  لە درۆ

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئەم نیشتمانە ناو بنێم چی؟

١١

بە پاکیزەیی لەدایك بووین و

نەمانتوانی پاکێتی خۆمان بنووسینەوە

چاوێك نییە بۆ عەشقو

دڵێك نیە بۆ خۆشەویستی

ناچارین بەم خاکە بڵێن ماڵئاوا.

١٢

لەبری ئەوەی

دوو مرۆڤی جیاوازبین

دەکرا دوو رەنگی تێکەڵ باین

یا دوو گوڵ یەك بۆنیان هەبا

ئەستەمە سەمای ئارەزووەکان

کێ لەنزای عەشق دەگا ؟

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com